

# پۆلیسی فریاکەوتن ئەرکێکی زۆر و پڕ مەترسی هەیە، کەچی لە ڕووی موچەوە لەگەڵ پۆلیسی شوێنەکانی تر هیچ جیاوازی نییە.

**نەقیب سەران لەتیف نەجم**

**دیمانە : ف . بێوار**



بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتن

**ن* لە هەولێر چەند بەڕێوەبەرایەتیەکی دیکەی هاوشێوەی ئێوە هەن، وەکو ئاسایش و، نەهێشتنی تاوان، ئێوە چ جیاوازییەکتان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا هەیە؟**

– بێگومان هەر دەزگایەک کاری تایبەت بەخۆی هەیە، لە چوار چێوەی کارەکەی خۆی چالاکیەکانی ئەنجام دەدات. ئێمەش وەکو بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی فریاکەوتنی هەولێر کارمان لەگەڵ هەموو دام و دەزگاکانی تر هەیە، بەردەوام بە دەم کێشەو گرفت و ڕووداوەکان دەچین و پاراستنی هێمنی و ئاسایشی شوێنە گشتیەکان دەپارێزین، بەڵام کاری سەرەکی ئێمە کۆنتڕۆڵکردنی کێشەو ڕووداوەکانە بۆ ئاسوودەیی خەڵک.

*** ئەرک و فەرمانە سەرەکیەکانی ئێوە چییە وەکو بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی فریاکەوتن، یاخود بەمانایەکی دیکە جۆری ئەو تاوانانە چییە کە ئێوە پێی هەڵدەستن بۆ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون؟**

– ئەرکی ئێمە وەکو پۆلیسی فریاکەوتن یەک شت نییە خۆمانی پێوە بەند بکەین، هەرچی ڕووداو یان کێشەو گرفت ڕوویدات لەشاری هەولێر کاری ئێمەیە پەیوەندیان پێوە بکەین لێنەگەڕێین کێشە دروست بێت، ئەگەر کێشەش هەبوو کۆنتڕۆڵی بکەین و نەهێڵین تەشەنە بکات. ئەو لایەنانەی لە کێشەکانیش دەستگیر دەکرێن تەسلیم بە نزیکترین بنکەی پۆلیس دەکرێت، لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون لەلایەن بنکەکانی پۆلیس دەکرێت، چونکە ئێمە لایەنی لێکۆڵینەوەنین ئەمە کاری بنکەکانی پۆلیسە.

*** زۆرجاران هاوڵاتیان گلەیی ئەوە لە ئێوە دەکەن کە زوو ناگەنە سەر ڕووداوەکان و تاخیر دەبن؟**

– بە پێچەوانە، ئێمە بەشێوەیەک ئۆتۆمبێلەکانمان دابەش کردووە بە سەر شاری هەولێر کەوا لەهەر شوێنێک کێشەیەک هەبێت نزیکترین ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن بە کەمترین کات بگاتە شوێنی ڕووداوەکە. لەوانەشە جارێک ئەگەر ئەم حاڵەتە هەبووبێ ئەمەش ناگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی ئێمە، بەڵکو ڕێگاو بانی شاری هەولێر ئێستا لەژێرکاری جوانکاری و فراوان کردن دایە، لەوانەشە ئەمە هۆیەک بێت کەرێگاکان گیرابن یان لەژێر کارکردن دابن یان ئەم زانیاریانەی دەیدەن تەواو نییە و بە تەواوی ناماندەنێ.

*** گلەیی ئەوەشتان لێدەکرێت کە لەکاتی هەڵمەت و دەستگیرکردنی کەسانێک، خەڵکان ئەشکەنجەو ئازار دەدەن و توندو تیژی بەکاردێنن؟**

– ڕاستە، لەوانەیە هەندێ کەس لەبەرژەوەندیان نیە ئەم هەڵمەتەی دەستگیرکردن، چونکە کاری باش ناکەن و ڕەفتاری نابەجێ دەنوێنن. بێگومانیش گلەیی لەلایەن ئەو خەڵکانە دەکرێن سەبارەت بەوەی ئێمە ئەشکەنجەی خەڵک بدەین دەمەوێ پێت ڕابگەیێنم ئەمە دوورە لە ڕاستییەوە، چونکە ئەو کەسانەی دەستگیر دەکرێن یەکسەر تەسلیم بە بنکەکانی پۆلیس دەکرێن، نامێنێتەوە لەلامان تاکو ئەشکەنجە بدرێن ئەمە زۆر دوورە لەراستیەوە. ئێمە بۆ ئەشکەنجەی خەڵک بدەین؟ ئەو کەسەی دەستگیر دەکرێت هەرچی تاوانێکی کردبێ با یاسا ئیجرائاتی لەگەڵ دابکات. ئێمە تەنها لایەنێکی جێ بەجێکارین، نازانم مەبەست لە توندو تیژی چییە، بۆ نموونە من دەچمە ڕووداوێکی شەڕ، بێگومان دوو لایەنی بەشەڕ هاتوون پێویستە لەسەر من هەردوولا دەستگیر بکەم و تەسلیم بە بنکەی پۆلیسیان بکەم، لێرەشدا دەبێت من هەندێ توندبم تاکو ئەودوولایەنە سواری ئۆتۆمبێل بکەم، بەلێدان نا ئێمە لەگەڵ لێدان نیم تاکو بیانگەیەنیە بنکەی پۆلیس. وا بزانم ئەم دوولایەنەی کەبەشەڕ هاتوون هەر دەبێت دەستگیریان بکەین تەسلیم بە بنکە پۆلیس بکرێت بۆ لێکۆڵینەوە.

*** بۆ دەستگیرکردنی کەسێک، ڕاستەوخۆ هەڵمەن دەبن یاخود بە پێی فەرمانی دادگا دەستگیری دەکەن؟**

– ئێمە وەکو پیاوانی یاسا ناتوانین بەبێ فەرمانی دادوەر هیچ کەسێک دەستگیر بکەین، بەڵام یاسا ڕێی داوە لە هەندێ حاڵەت کەبتوانین ئەوکەسەی بە پێچەوانەی یاسا ڕەفتار دەکات دەستگیری بکەین، وەکو ئەوەی هەڵگرتنی چەک بەبێ مۆڵەت و هەڵگرتنی چەقۆ وە خواردنی حەبی بێهۆشکەر وەیان ئەو کەسانەی بەشەڕدێن دەستگیریان دەکەین و دەیانێرین بۆ شوێنی تایبەتمەند بەکێشەکانیان.

*** شارێکی گەورەی وەکو هەولێر، بۆچی تەنیا یەک بەڕێوەبەراتیتان هەیە، واتە بۆچی لەگەڕەکەکاندا فەرعتان نییە؟**

– ڕاستە لەشاری هەولێر یەک بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی فریاکەوتن هەیە، بەڵام ئێمە بەپێی بەرنامەیەک ئەفسەرو کارمەندو ئۆتۆمبێلەکانمان دابەشکردووە دەتوانم بڵێم بوونی هەر ئۆتۆمبێلێکی فریاکەوتن لەهەر گەڕەک و شوێنێک بەواتای بوونی فەرعێکەو یان بنکەیەکی پۆلیسە.

*** لە ناحیەو قەزاکان فەرعتان نییەو ئامادەگیتان نییە، بۆچی ئەم کەم و کوڕییانە چارەسەر ناکەن؟**

– ئەگەر داوا لە ئێمە بکرێت بۆ کردنەوەی کەرت لە قەزاو ناحیەکان ئێمە خۆشحاڵ دەبین، بەڵام ئەمەش پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، بەڵکو دەبێت بە فەرمانی سەرووی خۆمان بکرێتەوەو گشت پێداویستیەکانی بۆ دابین بکرێت وەکو ئۆتۆمبێل و کارمەندو بنکەی تایبەت.

*** پۆلیسی فریاکەوتن هەمیشە لە ئامادەباشی و واجب دایە، ئایا حکومەت چ ئیمتیازاتێکی بەئێوە بەخشیوە، یاخود لە ڕووی موچەوە جیاوازیتان هەیە؟**

– وەکو ئیمتیازات لەڕووی موچەوە پۆلیسی فریاکەوتن هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ پۆلیسی بنکەو شوێنەکانی تر، سەرەڕای بوونی ئەرکێکی زۆرو پر لەمەترسی، چونکە کارمەندانی فریاکەوتن بەردەوام لەگەڵ کێشەو گرفت و تەقەو ئەرکی سەخت دایە سەرباری سەرمای زستان و گەرمای هاوین، بە بەردەوامی "٢٤" کاتژمێر لەسەر شەقەمەکان وەستاون بۆ ئارامی خەڵک بەبێ هیچ جیاوازیەک لەگەڵ پۆلیسی شوێنەکانی تر، ئێمە نووسراومان کردووە بۆ سەرووی خۆمان ئەوانیش هەوڵ دەدەن کە جیاوازیەک هەبێت لەموچەدا.

*** تا چەند بەڕێوەبەرایەتیەکەی ئێوە سوودمەندە لە کەرەستەی سەربازی و هەموو شتەکانتان بۆ فەراهەم کراوە؟**

– ئێمە لە هەموو شتێک کە بێت بۆ پۆلیس سودمەندین چ لە جیهازی نوێ و ئۆتۆمبێل و جل و بەرگ و هەموو کەل و پەلێک تاکو ئێستا بە هاوکاری جەنابی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوەخۆو بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس و بەڕێوەبەری پۆلیس پارێزگای هەولێر هیچ کەم و کوڕییەکی وامان نییە.

*** ئەو کەم و کوڕی و کێشانە چین کەبە دەستیەوە دەناڵێن؟**

– تا ئێستا هیچ کێشەو گرفتێکی وامان نەهاتۆتە پێش کەشایەنی باس کردن بێت.

*** تا چەند هاوڵاتیان هاوکاریتان دەکەن لەڕووی زانیاری و....؟**

– ئێمە وەکو بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی فریاکەوتن زۆر سوپاسی خەڵکی شاری هەولێر دەکەین کەوا لەبوونی هەر جۆرە کێشەیەک بەزووترین کات پەیوەندیمان پێوە دەکەن و هاوکاریمان دەکەن تەنانەت ئەگەر شتێکی نامۆش بینرا کەجێگای گومان بێت ئاگادارمان دەکەنەوە، بەم ژمارە تەلەفۆنانە: (١٠٤، ١٢٤، ١٤٤، ٤٤٦٠١٠٤) هەر پێویستیەک هەبێت ئێمە ئامادەین بۆ خزمەت کردنیان.

*** دەڵێن ڕێژەی تاوان بەگشتی لە هەولێر زیادی کردووە، دەکرێ بزانین چ تاوانێک ڕێژەی زیاترە؟**

– نەخێر تاوان زۆر نەبووە لەشاری هەولێر، بەڵام لە شارێکی وا گەورە و پڕ خەڵک کێشەو گرفت دەبێت، بەڵام ئەم کێشانە هەمووی چارەسەر دەکرێت و دەدرێنە یاسا، مەبەستمان هەموو گەنجێگ نیە تەنها ئەم گەنجانەی کە حەب خۆرو چەقۆکێشن.

*** ئەو کەسانە کێن زیاتر تاوان دەکەن؟**

– ناتوانرێت چینێک دیاری بکرێت کەوا ئەم چینە تاوان دەکەن.

*** لە پرس هەواڵێک بڵاوکرایەوە گوایە ئێوە لەکاتی هەڵمەت ە دەستگیرکردن لە چایخانەیەک، ئەشکەنجەی کەمئەندامێکتان داوە، دەکرێ ئاماژە بە ڕاستی ڕووداوەکە بکەی؟**

– ئێمە ئەشکەنجەی کەسمان نەداوە وە لەدوای کەسیش ناگەڕێین کە جێگای گومان نەبن، تەنها ئەرکی ئێمە دەستگیرکردنی ئەوکەسانەیە کە سەرپێچی کارن لەهەڵگرتنی چەقۆو خواردنی حەبی بێهۆشکەر.

***مەرجەکانی بە پۆلیس بوون لای جەنابتان چییە؟**

– مەرجەکانی بوون بە پۆلیس (قانون خدمە والتقاعد لقوە الامن الداخلی) دیاریکراوە بەپێی ئەو یاسایە دەتوانتنین پۆلیس دابمەزرێنین.

لە کۆتایدا زۆر سوپاسی ئەفسەرو کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان دەکەم کە بە بەردەوامی لە خزمەتی هاوڵاتیانی شاری هەولێرن و ئەم ماندوبوونە دەکێشن بۆ خزمەت کردنی سوپاستان دەکەم بۆ ماندووبوونتان.




## لە یادی ١١٠ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی دا

................................

**. سوپاسێک و داوایەک .**

شورتەیەک لەوەتەی ماڵمانی پێزانیوە، وا دەکەی دەرگا دەکوتێ و ماڵ و منداڵ تووشی دڵەڕاوکێ دەکات. ئەو شورتەیە لە قەد و باڵا و هەڵسوکەوت و بێرییەکەی سەری و حەرەکات و پۆشاکییەوە دەڵێی کۆپییەکەی عەریف حەمە تاڵی بەر لە سی ساڵە. شورتەش بە حوکمی ئەرکەکەی، هیچ کاتێ لە دەرگای ماڵت نادا پێت بڵێ (هاوڵاتی بەڕێز، ئێوە بانگهێشت کراون بۆ ئاهەنگێکی مۆزیکاڵ، کە ئەمڕۆ ئێوارە لە پارکی گەورەی شارەکەمان ساز دەکرێت. لە بیرتان نەچێ خێزان و منداڵەکانیشتان بێنن و نان خواردنی ئێوارەشتان لەسەر خوانی ئاهەنگەکەیە)! نەخێر، ئەو تەبلیغێکی بۆتهێناوە و تێیدا نووسراوە (بۆ تۆمەتبار فلانی کوڕی فلانی. پیشەی ڕۆژنامەنووس، لەسەر بڕیاری بەڕێز دادوەری لێکۆڵینەوە لەسەرتە لە کاتی گەیشتنی ئەم پسوولەیە ئامادە بیت لە بنکەکەمان بە بێ دواکەوتن. بە پێچەوانەوە بەرپرسیار دەبیت بەرامبەر یاسا)... ئەو تەبلیغانەی بۆم دێنە ماڵ، لەسەر ئەو کێشە و سکاڵایانەن کە لە ساڵەکانی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤ کە نا بە خێری گیانم سەرنووسەری (هەفتەنامەیەکی ئازاد) بووم لەم وڵاتەدا و دیارە لە دوو سێ بابەتێکدا، لە لایەن هەفتەنامە ئازادەکەمانەوە، ناماقووڵییەک ڕووی داوە و شان و شەوکەتی هەندێ کەسمان وروشاندووە! دەی منیش هەر کە شورتەکە بەڕێ دەکەم ژمارەکەی (هاوڕێ زیرەک) وەردەگرم و پێی دەڵێم (فریام کەوە کاکە، دیسان شورتە دەرگای ماڵی پێگرتووم) ئەویش خوا هەڵناگرێ هەر وەکو جارانی، بە پێکەنین و دوو قسەی خۆش قورسایی خەمەکەمان سووکتر دەکاتەوە و دەڵێ (هیچ خەمت نەبێ.. من دەچمە مەرکەز). ئەو ماوەیە هاوڕێ زیرەک زۆر لەگەڵمدا ماندووبوو. دیارە هەر منیش نیم کێشەی لەم جۆرەم هەبێ. زۆرن. بۆیە پێم خۆشە لە یادی ١١٠ ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردیدا سوپاسی خۆم ئاراستەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و، بە تایبەتیش هاوڕێی خۆشەویستم کاک زیرەک کەمال بکەم و، کارێکی باش و جوانیش دەبوو ئەگەر سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان داوا لە سەرۆکایەتی هەرێم یان سەرۆکایەتی حکومەتی کوردستان بکات ئەو دۆسیە کۆن و هەڵواسراوانەی ڕۆژنامەنووسان، کە ناو بە ناو هەڵدەدرێنەوە و تازە دەکرێنەوە، بە جۆرێک کۆتاییان پێ بهێندرێت و دابخرێن. بەڵکو ئێمەش هەناسەیەک هەڵکێشین و وزەیەک و ورەیەکمان بێتەوە بەر بۆ کارەکانی داهاتوومان.



کۆنگرەی سەندیکای رۆژنامەنووسان:

**بیرکردنەوەی پێ ناوێ دەنگ بدەیت و نەدەیت هەر وەکو یەک وایە**

**ستافی**

سکرتێری نووسین:
شاخەوان عومەر سلێمان

دەستەی نووسەران:
فەرەیدون بێوار
جەلال ئەحمەد بەرزنجی

نەخشەساز:
ئاگری باڵەکی




**خوێنەرانی بەرێزی پرس ئاگادار دەکەینەوە کە لەمەودوا دەتوانن پرس لە لینکی بڵاوکراوەکانی (www.kurdistannet.info) بخوێنەوە.**

**ئیمەش وەکو بڵاوکراوەی پرس سوپاسی کاک عومەر فارس و برادەرانی کوردستان نیت دەکەین.**